داروده‌سته‌كانی تر له‌ حكومه‌تی داهاتووی ئه‌فغانستاندا، نه‌ك هه‌ر له‌لایه‌ن باقی وولاته‌ دراوسێكانی ئه‌فغانستانه‌وه‌، به‌ڵكو له‌لایه‌ن به‌شێكی‌گرنگی محافیلی سیاسی نێوده‌وڵه‌تی‌یه‌وه‌ جێگه‌ی قبووله‌. سه‌بارەت به‌ چوونه‌ سه‌رو په‌ره‌گرتنی فه‌زای جه‌نگی له‌ ناوخۆی ئێراندا، هه‌روه‌ك ووتم ته‌نها له‌ حاله‌تی رووبه‌ڕووبوونه‌وه‌ی راسته‌وخۆی نێوان ئێرانو پاكستان جێگه‌ی نیگه‌رانی جددی بێت. به‌بڕوای من ده‌خاله‌تی سه‌ربازیی جمهوری ئیسلامی له‌ ئه‌فغانستاندا به‌رته‌سكو، تاكتیكیو لێره‌وله‌وی‌ده‌بێ.مه‌به‌ست له‌م عه‌مه‌لییاتانه‌ به‌ده‌ست هێنانه‌وه‌ی توانای ساتوسه‌وداو مشتومڕ كردن ده‌بێ‌له‌گه‌ڵ پاكستان سه‌بارەت به‌چاره‌نووسی ئاینده‌ی ئه‌فغانستان. باوه‌ڕ ناكه‌م ته‌نانه‌ت تاقه‌ كه‌سێكی‌ڕژێمیش بۆ یه‌ك سات رێگه‌ به‌خۆی‌بدات تصوری‌ته‌واجدیكی‌سه‌ربازیی‌له‌چه‌شنی‌ته‌واجدی‌سوفیت له‌ ئه‌فغانستاندا بكات .شه‌ڕێكی فراوان كه‌ قه‌رار بێ كاربكاته‌ سه‌ر نرخی قه‌ندو شه‌كر به‌رێوه‌ نی‌یه‌ .دووه‌م، به‌بڕوای من ته‌نانه‌ت ئه‌گه‌ر رژێم بیه‌وێ ئه‌م فه‌زا جه‌نگی‌یه‌ به‌مه‌به‌ستی خامۆش كردنه‌وه‌ی نارەزایه‌تی‌یه‌كانی خه‌ڵك بخولقێنی، ته‌نیا شه‌پۆلێكی فراوانترو عه‌مه‌لی‌تری خه‌بات له‌ دژی خۆی په‌ره‌ پێده‌دا. شه‌ڕ له‌گه‌ڵ تالیباندا، به‌پێچه‌وانه‌ی شه‌ڕ له‌گه‌ڵ عێراق، نه‌ك هه‌ر نابێته‌ هۆی سه‌قامگیریی‌ناوخۆیی رژێم، به‌ڵكو ده‌بێته‌ هۆی ناسه‌قامگیری‌ڕژێم. هێزهاوسه‌نگی زاڵ له‌كۆمه‌ڵگادا، ده‌رفه‌تی ئه‌و مانۆرانه‌ به‌ڕژێم نادات. به‌بڕوای من هه‌رگیز ناكرێ هه‌لومه‌رجی ئه‌مڕۆی ئێران له‌گه‌ڵ هه‌لومه‌رجی سه‌رده‌می ده‌ست پێكردنی شه‌ڕ له‌گه‌ڵ عێراق وه‌ك یه‌ك چاوی لێ‌بكرێ یان به‌و بشوبهێنرێ .

**ئیسكرا :**له‌ماوه‌ی هه‌فته‌ی رابردوودا هه‌واڵی زۆر ده‌رباره‌ی هێرش كردنه‌ سه‌ر ئه‌فغانی‌یه‌كانی دانیشتوانی ئێران بڵاوكرایه‌وه‌ كه‌ چاپه‌مه‌نی‌یه‌كانی رژێمیش ناچار بوون دانی پیدابنێنو داوایان له‌خه‌ڵك كرد كه‌ میوان په‌روه‌ربن. به‌ڵه‌به‌ر چاوگرتنی ئه‌وه‌ی كه‌ نزیكه‌ی‌دوومیلیۆن ئه‌فغانی له‌سه‌راسه‌ری ئێراندا بڵاوبوونه‌ته‌وه‌، ته‌بلیغاتی‌ڕژێمو ده‌ستو په‌یوه‌نده‌كانی ده‌توانی ئاكامی زۆر خراپی هه‌بێ له‌ دروست كردنی قه‌ڵشتو دوژمنایه‌تی قه‌ومی‌و دینی له‌ ئێراندا. حزبی كۆمۆنیستی كرێكاری‌ی له‌ ماوه‌ی هه‌موو ئه‌م ساڵانه‌دا، دیفاع كردن له‌ مافی ئه‌فغانی‌یه‌كان له‌ ئێراندا، بنه‌مایه‌كی‌هه‌میشه‌یی سیاسه‌تو ته‌بلغاته‌كانی‌بووه‌، له‌ هه‌ڵسوكه‌وت له‌گه‌ڵ ئه‌م هه‌لومه‌رجه‌دا چ هه‌نگاوو رێنوێنی‌یه‌ك به‌ پێویست ده‌زانی؟

**منصور حكمت :**به‌ر له‌ هه‌ر شتێك ده‌بێ بڵێم كه‌ موهاجیره‌ ئه‌فغانی‌یه‌كانی‌دانیشتووی‌ئێران به‌بڕوای منو له‌ روانگه‌ی به‌رنامه‌ی حزبی كۆمۆنیستی كرێكاری‌یه‌وه‌، هاووڵاتیانی خاوه‌ن مافی یه‌كسانی ووڵاتن. له‌م ووڵاته‌دا به‌داخه‌وه‌ كۆنه‌په‌رستی‌حكومه‌ت ده‌كاو كۆنه‌په‌رستی‌مه‌یدانداره‌. له‌م ووڵاته‌دا چه‌قۆ كێشان له‌سه‌ر كارنو بڵندگۆكانیان به‌ده‌سته‌وه‌یه‌. ده‌بێ به‌ر به‌م كۆنه‌په‌رستیه‌ بگیرێت. كێشه‌كه‌ له‌نێوان" خه‌ڵكی هاندراوي" ئێرانو "ئه‌فغانی‌یه‌كان"دا نی‌یه‌. كێشه‌كه‌ له‌ نێوان كۆنه‌په‌رستیی‌ئیسلامی‌و قه‌ومی له‌ ئێران له‌گه‌ڵ به‌شێكی‌تر له‌خه‌ڵكی محرومی ئه‌م ووڵاته‌دایه‌ كه‌ گوناهیان ئه‌وه‌یه‌ كه‌ له‌ ئه‌فغانستانه‌وه‌ هاتوون. هه‌ر ئه‌و كۆنه‌په‌رستیه‌ی كه‌ هێرش ده‌كاته‌ سه‌ر ژنان هێرش ده‌كاته‌ سه‌ر كۆمۆنیزم هێرش ده‌كاته‌ سه‌ر مۆدێرنیزمو سكولاریزم، ئێستا خه‌ریكه‌ هێرش ده‌كاته‌ سه‌ر ئه‌فغانی‌یه‌كانیش. روشنه‌ ده‌بێ خه‌ریكی كاری‌ووشیاركردنه‌وه‌ بینو چاو له‌ كه‌سانی‌ناوشیارو هاندانو به‌كارهێنانیان زه‌ق بكه‌ینه‌وه‌، به‌ڵام وه‌ڵامی واقعی رێكخستنی مقاوه‌مه‌تێكی ماددي‌یه‌ له‌به‌رامبه‌ر ئه‌م هێرشو ده‌ست درێژی‌یانه‌دا . واقعییه‌ت ئه‌وه‌یه‌ كه‌ توانای‌ئێمه‌ وه‌كو حزبێكی ناقانوونی له‌ ساحه‌ی ناوخۆی‌ئێراندا بۆ هه‌ڵخراندنی‌جه‌ماوه‌ر زۆر به‌رته‌سكه‌. به‌ڵام به‌هه‌ر ئیمكاناتێكه‌وه‌ ده‌بێ رێگه‌ له‌م كاره‌ساتانه‌ بگرین. به‌هه‌رحاڵ بانگه‌وازی ئێمه‌ به‌رله‌ هه‌ر كه‌سێك بۆ كرێكارانی ئێرانه‌ كه‌ په‌یگیرانه‌ دیفاع له‌م به‌شه‌ محرومترو بێ مافتره‌ی چینه‌كه‌ی خۆیان بكه‌ن. ئێمه‌ به‌ده‌وری خۆمان له‌ هیچ هه‌وڵو تێكۆشانێك بۆ دیفاع كردن له‌ موهاجیره‌ ئه‌فغانی‌یه‌كان له‌به‌رامبه‌ر ئه‌م ده‌ست درێژیه‌ كۆنه‌په‌رستانه‌یه‌دا درێغی ناكه‌ین .

**ئیسكرا :**له‌حاله‌تی روودانی شه‌ڕ له‌ نێوان تالیبانو كۆماری ئیسلامي‌دا پێت وایه‌ ئاڵوگۆری هه‌لومه‌رجی ناوچه‌كه‌و ووڵاتانی دراوسێ‌ی ئێرانو هه‌روه‌ها سیاسه‌تی ئه‌مریكاو رۆژئاوا چۆن ده‌بێت؟

**منصور حكمت :**هه‌ر به‌وجۆره‌ی كه‌ باسم كرد به‌بڕوای من ئه‌م شه‌ڕه‌ ئه‌گه‌ر ده‌ست پێ‌بكات، هه‌ر به‌ به‌رته‌سكي‌و په‌راكه‌نده‌یی‌ده‌مێنێته‌وه‌. كاریگه‌رییه‌كه‌ی‌ئه‌وه‌ ده‌بێ كه‌ فشاری نێوده‌وڵه‌تی له‌سه‌ر پاكستانو تالیبان بۆ دروست كردنی جۆرێك حكومه‌تی ئیئتلافی یان دابه‌ش كردنی ده‌سه‌ڵات له‌ ئه‌فغانستاندا په‌ره‌پێ‌ده‌دات. به‌بڕوای من رۆژئاواش له‌ دوا لێكدانه‌وه‌دا هه‌ر پشتیوانی له‌مه‌ ده‌كا. هێزهاوسه‌نگیی ئێستا، واته‌ ده‌سه‌ڵاتی بێ‌ئه‌ملاوئه‌ولای تالیبانو پاكستان، به‌ڵه‌ به‌رچاوگرتنی ته‌سویرێكی‌فراوانتری‌هێزهاوسه‌نگی له‌ هه‌موو ناوچه‌كه‌دا، وادیته‌ به‌رچاو درێژه‌ نه‌كێشی .

